# كورتيله ساتيرەچيرۆك

حەمەسەعيد حەسەن

(١) گرتن

دەچمە حوشترمل، (سنكێ)م لێ دیارە،

بە بەرزی بالآت، خەم لە دڵ بارە.

حوشترمل كێوێكەلە شاربازێڕ، بەسەر گوندی سنكێدا دەڕوانێ. بە لوتكەی ئەو كێوەوە، ڕەبیەیەك* دەتگوت دوومەڵە هەڵتۆقیوە. ڕەمەزانی١٩٨٣لەگەڵ پۆلێ پێشمەرگەدا، ڕێمان كەوتە سنكێ و هەفتەیەكی لێ ماینەوە. ڕۆژێكیان مەلای گوندەكە پێی گوتم:

– بۆچی ڕۆژوو ناگری؟

*ڕۆژوو بە هەموو كەس دەگیرێ، ئەگەر ئازای با هەر ئەمشەو لە گەڵ ئەو پێشمەرگانەدا، ڕەبیەكەی سەر حوشترمل بگرین.

(٢) پشوو

كە مامۆستای گوندی كەلێ قاف بووم، ڕۆژێكیان مەلای دێ، كە نێوقەدی وەك هی مێشوولە باریك بوو، لێی پرسیم:

– بۆچی نوێژ ناكەی؟

*ئاخر تەعتیلی** تێدا نییە، دەبێ هەموو ڕۆژێ بیكەی، سەددام بەو هەموو درندایەتییەی خۆیەوە، هەفتەی ڕۆژێ پشووی داوینێ، ئەگەر نوێژیش پشووی تێ كەوت، بەڵێن بێ بیكەم.

(٣) ناو

بڕێك لە كوێخا و موختارەكان، حەبە سەوزەكەیان قووت دابوو. لەسەرەتای شۆڕشدا پێشمەرگە دەستی خۆش بێ، دەستی لێ نەدەپاراستن. من كە كوێخای

Kurdistan Net

کوێـەگوندێ بـووم، ڕۆژێکـیان بەرپرســی ئاسایشــی ناوچــەکە، بـانگی کـردم و بــە تووڕەییەوە پێی گوتم:

– ئەوە بۆچی تا ئێستا نەبووی بە بەعسی؟

*لەبـەر ناوەکـەی، ئاخـر مـن کـوردم و حـیزبی ئـێوەش نـاوی حـیزبی بەعسـی عەرەبی سۆسیالیستە. هەر ڕۆژێ ناوی بوو بە حیزبی بەعسی کوردی سۆسیالیست، یەکسەر دەبم.

(٤) کلاَش

کامـیل کـە یـەکێ دەبـێ لـە جاشەکانی ڕەشەی ساڵحە، بە (کلاَش)ینکۆفێکەوە ڕوو دەکاتە شاخ و پێوەندیی بە هێزی چەکوشەوە دەکا. دوای لێکۆڵینەوە، فەرماندەی هێز پێی دەڵێ: هیچی گرنگی دیکە هەیە، حەز بکەی بیدرکێنی؟

کامیلـیش کـە پاشــتر، کـلاَش دەبــێ بــە پاشـناوی، ( پێشــتر ســەرنجی پــێلاَوی پێشمەرگەکانی دابوو، دیتبووی ئەوان هەموویان کالەی ئەدیداسیان لە پێدایە و ئەم کەوشی هەورامی،) دەڵێ:

هەمووتان ئەدیداسن، هەر من کلاَشم.

٢٠٠١/١٠/٣

Kurdistan Nêt